Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.04 21:47:36 +01'00'

# کورد لە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایرەوە بۆ ڕێککەوتننامەکەی بەغدا

بەختیار شاخی

لەو ڕۆژەوەی کە بەچاودێریی ئەمریکا ڕێککەوتننامەی شوومی ئەلجەزایر مۆرکرا و خەنجەری خیانەت لە پشتی کورد درا، ئێمە دەترسین، نەک لە دوژمن بەڵکو لە خەنجەری دەستی دۆستەکانمان، لە بێ ئاگایی خۆمان، کورد مێژوویەکی سووری لەگەڵ خیانەت هەیە، بۆیە ئەمڕۆش لە ترسی خیانەت بەرامبەر داهاتووی خۆی نیگەرانە، خیانەتێک کە هەستی پێ دەکرێ، خیانەتێک کە (دنیای بەرژەوەندی) و (سیاسەتی نێو دەوڵەتی) و (جیهانی ئازاد) ناوەکەی بە جۆرێک دەڕازێنێتەوە بشاردرێتەوە. کورد ناهەقی نییە بەرامبەر داهاتووی خۆی نیگەران بێت، داهاتوویەک کە هەر لە ئێستاوە دۆستەکانی لێی لالوت بوونە، ئەو دۆستانەی دوێنێ میوانی کورد بوون و لە دەوری دەگەڕان ئەمڕۆ کەوتوونەتە نازونیعمەت و بەڵێنەکانیان وەلاناوە. ئێمە لە چ وڵاتێکدا دەبێ بژین، وڵاتێک کە هەر لە ئێستاوە، لەم کاتە هەستیارەدا کە میراتی دەوڵەتێکی بەزۆر دروستکراوی سەردەمێکی بەسەر چوو دابەش دەکرێت، جێ دەستی ئایەتوڵلایەک لە دیاری کردنی داهاتووی ئەو وڵاتەدا لەجێ دەستی نەتەوەیەکی پێنج ملیۆنی زیاتر بێت، ئێمە چۆن نیگەران نەبین کەرێککەوتنێکی نابەجێ و دژ بەداهاتووی ئێمە لە بارودۆخێکی ئاوادا لە بەغدا مۆر دەکرێ و لە دوورونزیکەوە باسی ئێمە ناکات.

بۆیە ئێستا کورد بەیەک دەنگ پشتیوانی لە لێدوانەکانی سەرۆک بارزانی دەکات و ئەو هەموو وتار و نووسینانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و سایتەکانی ئینتەرنێتدا بڵاو دەکرێنەوە، ئاماژەیەکی ڕوونی ئەو پشتگیرییەن و دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە نابێ بێ دەنگ بین، بۆیە دواجار ڕۆژی یەک شەممەی ڕابردوو جارێکی تر سەرۆک بارزانی فیدراڵیەتی پارێزگاکانی ڕەت کردەوە و داوای کرد ئەو ڕێککەوتنە ڕاست بکرێتەوە کە ڕۆژی ٢٠٠٣/١١/١٥ لە لایەن بەڕێز جەلال تاڵەبانی (سەرۆکی دەوری ئەنجوومەنی حوکم) و باڵیۆز و پۆل بریمەر و دێڤید ڕیچمۆند (دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان) مۆرکرا و هیچ ئاماژەیەکی بۆ داهاتووی کورد و هەرێمی کوردستان تێدا نییە و باس لە فیدڕالیەتی پارێزگاکان دەکات کە لە ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزییەتیش کەمترە.

دەبێ ئێمە ئەو ڕەت کردنەوەیە بخەینە واری کردەیی و بەشێوازی دیموکراسی ڕەتی بکەینەوە، دەبێ ڕێ پێوان و مان گرتن و نووسین و بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە بەردەوام بێت، دەبێ بەگوێی هاوپەیمانە ئەمریکی و دۆستە عەرەبەکانیدا بدەین کە کورد ئەو هەموو قوربانییەی بۆ ئەوە نەداوە جارێکی تر بگەڕێتەوە خاڵی سفر. کورد بۆ ئەوە نەبۆتە هاوپەیمانیان کە مافەکانی زەوت بکەن.

ئێستا کە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێی عێراق لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و لێک نەترازانی دەوڵەتی عێراق کۆکن و لەناوخۆشدا پڕۆژەکان بەهەمان ئاراستە دەڕۆن دەبێ ئێمە بەخۆماندا بچینەوە، ئەو هەموو عێراق چێتییەی ئێمە کردمان (بەڕادەیەک لە عەرەبەکانیش زیاتر پەرۆشی یەکپارچەیی خاکی عێراق بووین) دەبێ بەس بێت، دەبێ لەوە تێبگەین کە (مست لە درێشە دەگەڕێتەوە)، دەبێ کورد یەک دەنگی و هێزی خۆی نیشان بدات و بزانێ بە لەسەرکردنی کاسکێتی سەربازانی ئەمریکا نابێتە ئەمریکی و بەعەگالیشەوە لە ئەنجوومەنی حوکم دانیشێ هەر پێی دەڵێن (جوداخواز)، دەبێ بزانین دنیا دنیای بەرژەوەندییە نەک وەفاو دۆستایەتی، کەواتە دەبێ بەهێزبین تا ببینە خاڵێکی پاراستنی بەرژەوەندی، ئەگەر نا دیسان پێمان دەڵێن خۆتان هۆکاری ئەو شکستەن.

فارس گوتەنیش (خودکردەرا تدبیر نیست) کارێک خۆمان کردمان دەبێ خۆشمان ڕاستی بکەینەوە، کەواتە دەبێ بەر لەوەی کار لە کار بترازێ ببینە یەک دەنگ و ئەوڕێککەوتنە ڕەت بکەینەوە، با ئەو داوایە ڕەت بکەینەوە کە لێمان دەخوازن چاوەڕێی ڕاپرسیی گشتی بین، ئەوەی ئەمڕۆ دۆستەکانمان (کەسیادەیان نییە) پێمان ڕەوا نابینن، لە (سبەینێی خاوەن سەروەرییدا) باس کردنیشی بەپێی یاسای نوێی ئەوان تاوان دەبێت.